# سنووری کوردستان

ئەمجەد شاکەلی

لەوەتی لە بیرم دێت، کە گوتراوە کوردستان، دەسبەجێ خەیاڵم بۆ تەواوی خاکی کوردستان چووە. هەر زۆر گچکە بووم، نێوی شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی مەلیک، مەلامستەفای بارزانی، قازی موحەممەد، بەردەقارەمان، چوار ئەفسەرە شەهیدەکان، حیزبی هیوا، دیاربەکر، دەرسیم، مەهاباد، عەولەسیسە، سمکۆ، باوەگورگوڕ، گۆلی زرێبار، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، پردی دەلال، مەم و زین، بێستوون و...م ژنەفتبوو و هەموو ئەمانە بە لای منەوە، شتگەلێکی پیرۆز بوون. شتگەلێک بوون، مایەی شانازی بوون، بۆ من و تەواوی کوردی ئەم دنیایەش. ئەڵبەتە لەو تەمەنەدا، کوردستانم بە پارچەپارچەیی نەدەهاتە بەرچاو. بۆ من یەک کوردستان هەبوو، ئەویش ئەو کوردستانە بەرین و جوان و دەوڵەمەند و پڕخەڵکە بوو، کە پێمان دەگوت کوردستانی گەورە. دواتر و لە تەمەنی گەورەییدا، کە ئیدی مرۆڤ، بار و واقیعەکە وەک خۆی دەبینێت، فێری ئەم باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایە بووم و تێگەیشتم، کە ئەو کوردستانە گەورەیە، بەشبەشە و زۆر بە سەختی، دەنگی کەسێکی ئەم بەش دەگاتە یەکێکی ئەو بەشەکەی دی. تێگەیشتم، کە لەنێوان بەشێک و بەشەکەی دیکەدا، هەزاران کیلۆمیتر دڕکەتەل و و میلیۆنان مین و هەزاران پۆلیس و ژاندرمە و قەرەقۆڵ و پیاوخراپ هەن، کاریان تەنیا ڕێگرتنە، لە گەیشتنی کوردێکی ئەم دیو بە کوردێکی ئەو دیو. دیارە بە تەنێ من وامبیرنەدەکردەوە و وامنەدەزانی، بەڵکە پرانیی کورد، ئەگەر نەڵێم هەموو کورد، وای بیردەکردەوە و وای دەزانی. کە سەددام ڕووخا و ڕێژیمی عیراق گۆڕا، ئیدی هەموو کورد بە خۆیشمەوە، چاوەنۆڕی ئەوە بووین، تەواوی ناوچەکانی باشووری کوردستان، ئەوانەی، کە لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا بوون، ئیدی یەکسەر بگەڕێنەوە سەر ناوچە پێشتریئازادکراوەکانی کوردستان. ئەو کارە دەکاتە ئەوەی، کەرکووک (تەواوی کەرکووک)، مووسڵ، (تەواوی مووسڵ)، خانەقین و مەندەلی (دیالا) و بەدرە و جەسسانی (کووت)، بێنەوە ئامێزی دایک و بە سلێمانی و هەولێر و دهۆک، شاد بنەوە. مووسڵ ئەو شارەی، کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، دوای ورمێ، بە دووەم پێتەختی کوردستانی داناوە. هەر زۆری نەبرد، سەرانی کورد، دەستبەرداری بوون و گوتیان، مووسڵ شارێکی عەرەبە. دوای سڕینەوەی مووسڵ، سەرانی کورد، هەر خۆیان هەزارویەک گومانیان خستە سەر کوردستانییەتی کەرکووک. یەکێکیان دەڵێت، کەرکووک کوردستانە، بەڵام شارێکی کوردی نییە. یەکێکی دیکەیان دەڵێت کەرکووک شارێکی کوردییە، بەڵام کوردستان نییە، ئەمی دیکەیان دەڵێت کەرکووک شارێکی عیراقییە. ئەوی دیکەیان وەک چۆن قودس، پارووەچەورئاسایەک، دەرخواردی ئیسرائیل دراوە، ئاوها کەرکووک بە قودس دەچووێنێت و وەک بابۆڵەیەک دەیداتە دەستی ناکوردانەوە. سەرانی کورد، کەرکووک بە هەرچی دادەنێن، ئارەزووی خۆیانە، وەلێ کەرکووک لای تەواوی کوردی هەموو جیهان، باژێڕێکی کوردە و هەرەگرنگترین بەشی کوردستانیشە. سەرانی کورد شۆخی بە کەرکووک دەکەن و ناوێرن ڕێک و ڕەوان، بڵێن کەرکووک، کوردستانە و شارێکی کوردە و بڕایەوە. سەرانی کورد لە مەسەلەی کەرکووکدا، کە کرۆکی مەسەلەی کوردستانە، منجەمنج دەکەن و چاوەڕێن، عەرەب و تورکمان و خەڵکانی دیکەی ناکورد-کە هەرگیز و تا دنیا دنیابێت بە زاریاندا نایەت- پێیان بڵێن، بەڵێ کەرکووک کوردستانە!.

2003/9/24

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com